

# ئەو منەی تری من

گابرێل گارسیا مارکیز

له فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی

ماوەیەك لەمەوپێش لە مەكسیك لە ناو پێخەفەكەمدا خەبەرم بووەوە، لە ڕۆژنامەیەكدا خوێندمەوە ڕۆژی پێشوتر لە كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی ئەدەبیاتەوە لە شاری (لاس پالماس)ی دورگەی كەناری، لەوبەری ئۆقیانوسەوە بەشداریم كردوە. پەیامنێرەكە نەك تەنیا وردەكاری مەراسیمەكەی شیكردبووەوە و باسی كردبوو بەڵكو زۆر ستایشی خودی منیشی كردبوو. بەهەرحاڵ ئەوەی كە زۆر بوەتە هۆی شانازیم ئەوەیە كە وتەكانی من لەو كۆبونەوەیەدا زۆر باشترە لەوەی كە ڕەنگە (خۆم لەمێشكمدایە). من توانایەكی ئاوهام نیە. تەنیا هەڵە لەوەدایە كە پێم نەخستۆتە لاس پالاس. نە ڕۆژی پێشوو نە لە ماوەی بیست و دوو ساڵی ڕابردوشدا. هەرگیزیش لە هیچ شوێنێكی دنیادا كۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیم نەگرتوە.

زۆرجار ڕوودەدات كە ئامادە بونی من لە هەندێك جێگادا ڕادەگەیەنن كە لەوێ نەبووم. چەندین جار وتومە لە مەراسیمی گشتیدا بەشداری ناكەم، كۆنفراس ناگرم، خۆشم لە تەلەفزیۆندا نیشان نادەم، هەروەها بۆ پڕو پاگەندەكردن مەراسیم بۆ كتێبەكانیشم ناگرم. لە هیچ جۆرە مەراسیمێكدا كە ئەگەری ئەوە هەیە خۆم نمایش بكەم ئامادە نابم. ئەمەش لە ڕوی لەخۆبوردویی و خاكی بونەوە نیە لەبەر خاتری شتێكە كە لەوەش خراپترە: كەمرویی. زۆریش كێشە نیە بۆم، چونكە لەپاش چل ساڵ فێر بوم كە كاتێك دەڵێم نەخێر واتە نەخێر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاگادار دەبم كە ڕیكلام كارێكی قاچاخچی بە بڵاوكراوەكان و بانگهێشتكراوە تایبەتەكان ئاگادار دەكات سێشەمەی ئاینده لە كاتژمێر شەشی پاشنیوەڕۆدا لە فڵان كۆبونەوەی فەرمیدا ئامادە دەبم، كۆبونەوەیەك كە ڕۆحیشم ئاگای لێی نیە. لەساتی دیاریكراودا كەسی ڕیكلامكار داوای لێبوردن لە هەموو ئامادەبوان دەكات. لە بری نوسەر داوای لێبوردن دەكات كە بەڵێنی داوە بێت و نەهاتووە. كەمێك ترش و خوێشی پێوە دەكات و دەڵێت چۆن چۆنی كوڕی تەلگرافچییەك لەگەڵ ئەوەی كە ناوبانگ بەدەست دەهێنێت تەواو خۆی ون دەكات و ئیتر كەس ناتوانێت بەری پێ بگرێت. بەم شێوەیە دڵسۆزی هەموو ئامادەبوان بەرامبەر بە خۆی ڕادەكێشێت و بە شێوازی خۆی خراپ كەڵك لەو پرسە وەردەگرێت. لەسەرەتای ئەم ژیانە هونەرمەندانەیەدا بە دیتنی ئەم جۆرە پرسانە هەستمدەكرد خەریكە گورچیلەم دەبڕێت. بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی بیرەوەرییەكانی (گراهام گرین) كەمێك ئاسودە بووم. لە دوا فەسڵدا ڕێك گلەیی لەمجۆرە پرسە دەكات. منی تێدەگەیانبوو چارەیەك نیە. خەتای كەس نیە چونكە (من)ێكی تر هەیە كە ئازادانە بە جیهاندا دەگەرێت بە بێ ئەوەی كەسێك كۆنترۆڵی بكات. هەموو ئەو كار و كردارانە ئەنجام دەدات كە خودی خۆت ویستوتە ئەنجامی بدەیت، بەڵام بوێری ئەوەت نەبووە. بەڵام سەیرترینی ئەم پرسە بۆ من كۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی دورگەی كەناری نیە، بەڵكو ئەو ساتە ترسناكانە بوو كە چەند ساڵێك لەمەوپێش لەگەڵ كۆمپانیای فرۆكەوانی (ئیرفرانس) ڕویدا. ئەویش لەبەر ئەو نامەیەی كە هەرگیز نەمنوسیبوو. لە ڕاستیدا ئیرفرانس نامەیەكی پڕ لە شكات و گلەیی و نارەزایی دەربڕینی بە ئیمزای منەوە پێگەیشتبوو. زۆر بە توندی هێرشم كردبوە سەریان كە لەماوەی فڕیندا لە مەدریدەوە بۆ پاریس (بە نوسینی بەروارەوە) چەندە خراپ لەگەڵ مندا ڕەفتاریان كردووە. لەپاش لێكۆڵینەوەی پێویست خەتاكەیان خستە سەر خزمەتگوزاری ناو فرۆكەكە و لەبەشی پەیوەندییە گشتییەكانی ئەو كۆمپانیای فرۆكەوە نامەیەكی زۆر بە ئەدەبانەیان بۆ من نارد و زۆر جەختیان كربوەوە لەسەر داوای لێبوردنیان لە من. مات و حەپەسابووم، چونكە هەرگیز سواری ئەو فرۆكەیە نەبوبوم. یان باشترە بڵێم هەمیشە هێندە لە فرۆكە دەترسم كە ئیدی ئاگام لێ نیە چۆن ڕەفتارم لەگەڵدا دەكەن. بە هەموو توانای خۆم دەلكێم بە كورسییەكەوە. بۆ ئەوەی یارمەتی فڕۆكەكە بدەم خۆی بە ئاسمانەوە ڕابگرێت. یان نیگەرانی ئەوەم كە منداڵەكان هێندە لە ڕاڕەوی فڕۆكەكەدا هەڵبەز و دابەز نەكەن نەبا بنی فڕۆكەكە لێ ببێتەوە. تەنیا پرسێكی ناخۆش كە دێتەوە بیرم فڕینێك بوو لە نیۆیۆركەوە لە فرۆكەیەكی قەرەباڵغ و پڕ لە سەرنشیندا، شوێن نەمابوو بۆ هەناسەدان. لە ناوەڕاستی ڕێگادا خزمەتگوزاری فڕۆكەكە گوڵێكی سوری دەدایە هەر سەرنشینێك. هێندە ترسابوم كە بێ ئیختیار پێموت: ((لەبری ئەوەی كە گوڵی سورمان بدەیتێ باشترە پێنج سانتیمەتر جێگا بۆ ئەژنۆمان بكەیتەوە.)) خزمەتگوزارەكە كە كچێكی جوان و بە ئەسڵ و نەسەب و لە كەسانی سەركەوتوو بوو، بێباكانە وەڵامیدایەوە: ((ئەگەر بەمجۆرە ڕازی نیت، باشترە دابەزیت.)) دیارە بەهیچ شێوەیەك بیرم لەوە نەكردبوەوە نامەیەكی نارەزایی دەربڕین بۆ ئەو كۆمپانیا فڕۆكەوانییە بنوسم كە تەنانەت نامەوێت ناوەكەشی بە بیر بهێنەوە. دەستمكرد بە خواردنی گوڵە سورەكە، گەڵای گوڵەكەم دانە دانە دەخستە دەمم و دەمجوی. دەڵێن بۆ شێوان و نیگەرانی باشە. دواجار توانیم هەناسەیەكی ئاسودە هەڵكێشم. لەئەنجامدا كاتێك نامەی داوای لێبوردنم لەلایەن كۆمپانیای فرۆكەوانی فەرەنسییەوە پێگەیشت زۆر شەرمەزار بووم لەبەر ئەو كردارەی كە نەمكردبوو. تا ئەو ڕادەیەی كە خودی خۆم ڕۆشتم بۆ نوسینگەكەیان بۆ ئەوەی پرسەكەیان بۆ ڕونبكەمەوە. لەوێ نامەی نارەزاییەكەیان نیشاندام. نەمتوانی ئینكاری بكەم نەك تەنیا لەبەر شێوازی نوسینەكەی بەڵكو كەشفكردنی تەزویر بونی ئیمزاكەش كێشە بوو.

ئەو پیاوەی كە نامەكەی نوسیوە بێگومان هەمان ئەو پیاوەی كۆنفرانسی دورگەی كەنارییە. هەمان ئەو كەسەی كە بەردەوام كردارێك لەلایەن منەوە بە ناوی منەوە ئەنجام دەدات كە هەندێكیان بە ڕێكەوت بەرگوێم دەكەوێت. زۆربەی جار ئەو كاتەی كە دەڕۆم بۆ ماڵی هاوڕێكانم، لە كتێبخانەكانیاندا بە بێ گوێ پێدان بە دوای كتێبەكانی

خۆمدا دەگەڕێم و بێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێت شتێك بە ناونیشانی (پێشکەش) دەنوسم. بەڵام لە دووجار زیاتر کەشفم کردوە کە کتێبەکان پێشتر پێشکەش و ئیمزا کراوە، ڕێك بە دەستوخەتی خودی من. هەر بەو مەرەکەبە ڕەشەی کە هەمیشە پێی دەنوسم و بەهەمان شێوازی عەجولانە و بە ئیمزایەکی ڕێك وەك ئیمزای خۆم.

مات و حەپەساو لە جێگاکەی خۆمدا ماومەتەوە و تیاماوم کە لەهەندێك لە ڕۆژنامە زۆر خراپەکاندا، گفتوگۆی خۆم دەخوێنمەوە کە هەرگیز ئەنجامم نەداوە. نابێت ڕاستی نەڵێین، گفتوگۆیەکە کە هەردێرێکی هاوڕایە لەگەڵ بیرو بۆچونی مندا. باشترین گفتوگۆی من نەك تەنیا لە بارەی ژیانی تایبەتی و ئەدەبیاتەوە بەڵکو بەهەمانشێوە لەبارەی بیروباوەڕی سیاسی من و سەلیقەی تاکە کەسیمەوە، ساڵی ڕابردوو لە گۆڤارێکدا کە زۆریش بەناوبانگ نەبوو لە شاری (کاراکاس) چاپکرا. لە دێڕی یەکەمەوە تا کۆتاییەکەی تەزویرە. بەڵام زۆر بوە هۆی خۆشحاڵیم، چونکە زۆر واقعی دەهاتە پێشچاو، ژنێك ئەنجامی دابوو کە نەمدەناسی، ناوی تەواوی خۆی و ناوی خێزانیشی لەلای سەروی گفتوگۆکەوە نوسرابوو، ئەو ژنەی کە بەدڵنیاییەوە زۆر منی خۆشدەویت کە بەو جۆرە بە باشی هەموو شتێکی دەزانی. تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی ئەو منەی تری منیشەوە بێت.

شتێك لە شێوەی ئەویش لە سەفەرانەی کە بەدەوری دنیادا دیکەم پێش دێت بۆم. ڕوبەڕو بونەوە لەگەڵ کەسانێکی میهرەبان و باشدا. هەمیشە کەسانێك هەبوون کە لە جێگایەکدا دیداریان لەگەڵ مندا کردوە کە هەرگیز پێم نەخستۆتە ئەو جێگایە. بەڵام ئەوان بیرەوەری جوانیان لە بارەی ئەو دیدارەوە لەبیرە، یان ئەوەی کە بۆ نمونە هاوڕێی یەکێك لە کەسەکانی خێزانەکەی منن کە لە ڕاستیدا ئەوان ناناسێت چونکە وا دیارە ئەو منەی تریش خێزانێکی هەیە کە وەکو خێزانەکەی خودی من ژمارەی کەسەکانی بێ ژمارەن. کەسەکانی ئەو خێزانەی تریش واقعی نین، بەڵام ڕێك وەك کۆپی کەسەکانی خێزانەکەی منن.

لە مەکسیکۆ سیتی زۆرجار پیاوێك دەبینم کە بەردەوام بۆم دەگێڕێتەوە لە کەناری شاری (ئاکاپو لکو) چەندە لەگەڵ ئومبەرتۆی برامدا خۆشی بەسەر بردووە، دواین جار کە ئەوم دی زۆر سوپاسیکردم لەبەر ئەو لوتفەی کە لە ڕێگەی براکەمەوە لەبەرامبەر ئەودا کردبوم. منیش چارەم نەبوو لەوەڵامیدا وتم : ((ڕێزت هەیە. کارێکم نەکردووە!)) نەمدەوێرا پێی بڵێم من برایەکم نیە ناوی ئومبەرتۆ بێت و لە شاری ئاکا پولکو بژی.

نزیکەی سێ ساڵ لەمەوپێش لە ماڵەکەم لە مەکسیك تازە نانی نیوەڕۆم تەواو کردبوو کەسێك لە دەرگای دا. یەکێك لە کوڕەکانم کە خەریك بوو لە پێکەنیندا ڕیخۆڵەی



دەپچڕا هات و وتی: ((بابە، خۆت هاتویت بۆ دیتنی خۆت.))
لەسەر کورسییەکە هەستام زۆر وروژا بووم. بیرم دەکردەوە: ((ئاە، دواجار دەرکەوت!))
بەڵام ئەو نەبوو. بەڵکو لاوێکی مەکسیکی کە ئەندازیاری بیناسازی بوو بە ناوی گابرێل گارسیا مارکیزەوە، پیاوێکی زۆر ڕێك و پێك و ئارام کە بە سەبرێکی زۆرەوە دەرەنجامی ئەو ناوەی خۆی کە لەدەفتەری تەلەفۆنی شاردا بوو تەحەمول کردبوو دواجار لەپاش دۆزینەوەی ناونیشانی ماڵەکەم، بەهۆی لوتفیەوە هەموو ئەو نامانەی کە بەناوی منەوە و بۆ من بوون نێردرابوو بۆ فەرمانگەکەی ئەو و لە ماوەی چەندین ساڵدا لەوێ کەڵەکە بوبون، هێنابوی بۆم.
ماوەیەك لەمەوپێش کەسێك کە لەڕێگاکەی خۆیدا و لەمەکسیکۆ سیتی وەستابوو ژمارە تەلەفۆنی منی لە دەفتەرێکی بچوکی تەلەفۆندا دۆزیبویەوە. لە وەڵامیدا پێیان وتبوو ئێمە هەمومان چوین بۆ نەخۆشخانە و خانمم منداڵی بوە و کچێکی جوانی بوە، واتە ڕێك ئەو شتەی کە هەمیشە ئارەزوم بوە! ڕاستییەکەی ئەوەبو کە هاوسەری ئەو ئەندازیارە بیناسازە دەستە گوڵە سورەکەی وەرگرت کە مافی تەواوی ئەو بوو، بۆ پیرۆزبایی کردن لە لەدایکبونی کچێکی تازە لەدایکبوو خەونم بووە و هەرگیز نەبومەتە خاوەنی.
نەخێر، ئەو ئەندازیارە بیناسازە لاوەش ئەو منەی تری من نەبوو. ئەو پیاوێکی گەنج و بەڕێز بوو کە پەیوەندی بەم پرسانەوە نەبوو. ئەو منەی تری من هەرگیز نایەت بۆ دیداری من، چونکە ناونیشانی من نازانێت. نازانێت من شێوەم چۆنە. ڕەنگە تەنانەت ناتوانێت وای بۆ بچێت کە هێندە جیاوازیمان هەیە. ئەو هێشتا درێژە بە ژیانی خەیاڵی خۆی دەدات. بە کەشتی گەشتیاری تایبەتی، لە کۆشکە ئیمپراتۆریەکاندا. بە حەوزی حەمامی پڕ لە شەمپانیا و چەندین چەند هاوڕێ و تێکشکاندنی ئەو شازادانەی کە ڕکابەری نین. بەڵێ، ئەو لە ئەفسانەی ژیانی مندا، درێژە بەژیانی خۆی دەدات، دەوڵەمەند تا بینە قاقای، گەنج و قۆز و هەمیشە بەختەوەر، تەنانەت لە کاتی گریانیشدا. هەر لەو کاتەدا من لەبەردەم ئامێری نوسینەکەی خۆمدا پیر دەبم، بە بێ ئازاری ویژدان، نامۆ بە وڕێنەکانی ئەو. هەموو شەوێك هاوڕێ هەمیشەییەکانی خۆم دەبینم بۆ ئەوەی پێکەوە پەرداخێك بنۆشین و بۆ بۆنی (گوئابابا)* دڵتەنگی خۆمان ڕابگەیەنین.
ئەوەی کە بەویژدانانە نیە ئەوەیە کە: ئەو منەی تر خراپ کەڵك وەردەگرێت لە ناوبانگی من و خودی منیش بە هیچ شێوەیەك بایەخی پێنادەم و تەنیا درێژە بەژیانم دەدەم. هەر ئەم (ژیان) ە بەسە بۆم.

17 ی شوباتی 1982



گابرێل گارسیا ماکیز
(1928 - 2015 )
ناودارترین ئەدیب و نوسەری ئەمەریکای لاتینیە، وەکو خاوەن قەڵەمێکی کاریگەر، لەئەدەبی شۆڕشگێڕیدا ناسراوە، ساڵی 1928 لە شاری (ئارا کاتاکا)ی کۆڵۆمبیا لەدایکبووە. خوێندنی لەزانکۆی (بۆگۆتا) تەواوکردووە، لە ڕۆژنامەی (ئیسپکتاتۆر)دا کاریکردووەو یەکەم چیرۆکی لەو ڕۆژنامەیەداو لەتەمەنی 18 ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە، کە ڕۆژنامەکە داخرا ..... بەبێ کار دەمێنێتەوەو ڕوودەکاتە فەڕەنسا، لەوێ بەشووشە فرۆشتن خۆی دەژێنێت، لەوبارەیەوە وتویەتی: (ئەگەر ئەو سێ ساڵەی تەمەنم بەو تاڵی و تفتیە نەبردایەتە سەر.... نەدەبووم بەنوسەر)، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی لەساڵی 1953دا بەناونیشانی (چاوانی سەگەکە) بڵاوکردۆتەوە، وەکو ڕۆژنامەنوس زۆربەی شارەکانی دنیا گەڕاوە.
بەهۆی ڕۆمانی (سەد ساڵ لە تەنیایی 1968) خەڵاتی نۆبڵی لەساڵی 1982دا پێبەخشراوە.
دکتۆرای فەخری لە ئەدەبدا لەساڵی 1971 لەزانکۆی کۆڵۆمبیا پێبەخشراوە.
ساڵی 2015 کۆچی دواییکردوە.